دەستبەسەرگرتنی چەك و نوسینگەیەکی بە مەبەستی گواستنەوەی پارە لەپارێزگاکانی بەسرە و دیالە و دیوانیە

ئاژانسی هەواڵگری و لەکۆینەوەی فیدراڵی،ئەمە چوارشەممە،دەستبەسەر چەك و نوسینگەیەکی بە مەبەستی گواستنەوەی پارە و عەمبارەك کەلوپەل لە پارێزگاکانی بەسرە و دیالە و دیوانیە دەگرێت.

لە بەیاننامەیەکی ئاژانسەکەدا هاتووە: لە درێژەی ئەو هەوڵانەی ئاژانسی هەواڵگری بە بەرێنگاربوونەوەی تاوانی ڕەکخراو بەهەموو شێوە و دەرکەوتەکانییەوە، مەفرەزەکانی تایبەتمەند لە بەرێنگاربوونەوەی تاوانە ڕەکخراوەکان لە پارێزگای بەسرە، ئەپڕاسیۆنێکی چڕنایەتییان ئەنجامداوە دوای وەرگرتنی زانیارییەکان کە ئاماژە بوون بە بوونی نوسینگەیەکی گواستنەوەی پارە کە بە شێوەیەکی نایاسایی کاردەکات.

ڕاشیگەیاند: دەستبەجێ تیمەکی تایبەتمەند پێکهێنرا بە دەنیابوون لە دروستی زانیارییەکان، دەست بەسەر نووسینگەکەدا گیرا بە تاوانی بینراو لەگەڵ دەستگیرکردنی خاوەنەکەی و دەستبەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لە دراوی بیانی (دۆلار) و بڕێك پارەی ناوخێیی بە سەرپێچی ئەو یاسایانەی لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە دانراون مامەڵەیان کردووە، هەروەها دەست بەسەر زیاتر لە (190) کارتی ماستەرکارتدا گیرا لەناو نوسینگەکەدا، کە پێچوانەی یاسا بەکارهێنرانن.

ئاماژەی بۆشدا: لە ئەپڕاسیۆنێکی دیکەی جیادا مەفرەزەکانی ئاژانسەکە تایبەتمەند لە

بەرێنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە پارێزگای دیوانیە توانیان دەست بەسەر کێگایەکدا بگرن کە کەرەستەی جەراوجێری تێدابوو کە بەبێ ئەوەی بە ڕێکارەکانی ژمێریاری باجدا تێپەڕبن هێنراو، دەست بەسەر هەموو کەرەستەکاندا گیراوە و ڕەوشوێنی یاسایی گیراوەتەبەر.

ئاشکراشیکرد: لە ئێپراسیۆنەکی دیکەدا کە لەلایەن مەفرەزە تایبەتمەندەکانمان لە بەرێنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە دیالە ئەنجامدرا، بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە وردەکان و بەدواداچوونی مەیدانی، توانیویانە کەسێکی تەمەتبار دەستگیربکەن کە بازرگانی بە چەکی جەراوجەر و فڕێی جیاوازەوە دەکرد، و ئاماژەی بەوەشکرد: تاوانبارەکە بە تاوانی بینراو دەستگیرکراوە و ئەو چەکانەی لەبەردەستیدابوون دەستیان بەسەردا گیراوە.

ڕونیشیکردەوە: قسەی هەرسێ تەمەتبارەکە لە دانپێدانانداە تەمارکراون و ڕێوانەی دەسڕاتی لێکۆڵینەوەی لێهاتوو کراون بە وەرگرتنی سزای دادپەروەرانەی خێیان، جەختیشیکردەوە: ئێپراسیۆنەکان دوای بەدەستهێنانی ڕێزامەندیە دادوەریی ئەنجامدراون.